# سەرکەوتنی کورد لەکەرکوك و هەڕەشەکانی تورکیا

ئاسۆ



تورکیا وەك دەوڵەتێکی فاشست رەگەز پەرست بەهەموو شێوەیەك لەهەوڵی لەناوبردنی کوردا بووە
مێژووە شاهید بوو کە کەمالیەکان لە هەر پارچەیەکی کوردستان کورد توانیبێتی مافێکی بەدەست بهێنێ تورك کەمالیەکان پیلانیان گێڕاوەو بەهەرەشە بۆ سەرخۆیان زانیوە لە باشووری کوردستان بەخەبات و قوربانی خۆی توانی بەشێکی کوردستان لە بەهاری 91دا لەژێر دەستی رژێمی عێراق رزگاری بکاو خۆی حوکمڕانی خۆی بکات کەمالیەکان لەو دەمەوە تا ئێستا ئەم ئەزموونەی کورد بەهەرەشە بۆسەر خۆیان دەزانن و لە پیلان گێڕان دژمان درێغیان نەکردووە لە پێش پرۆسەی ئازادی دەوڵەتی رەگەزپەرستی تورکیا بە تۆپ و تەیارە هەڵیان دەکوتایە سەرمان بە بیانووی لێدانی پەکەکەوە هەرەشەیان لێدەکردین لەهەر کاتێکدا بیانەوێت دەتوانن لەناومان بەرن.
جگەلە خۆشکردنی شەڕی ناوخۆش لە کوردستان. لەو دەمەی کە کوردستانی گەورە دابەشکرا بەسەر چوار دەوڵەتی رەگەز پەرستدا تورکیا وەك دەوڵەتێك کە پارچەیەکی کوردستانی داگیر کردووە بەهەموو شێوەیەك هەوڵی داوە کە شوناس و فەرهەنگ و زمان و کەلتوری کورد لەو پارچەیەی کوردستان بسڕێتەوە تا ئێستاش ئامادەنین دان بەمافی کورددا بنێن.
ئەگەر چاو بەمێژووی سەرکردە رەگەز پەرستەکانی تورکیادا بگێڕین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سەرکردەکانیان تا هەنوکەش گیریان خواردووە لەنێوان خەوبینین بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بوون بەئەندام لە یەکێتی ئەوروپا سەرکردەکانیان لەو گێژاوەدا دەژین بۆیە لەلایەك بۆ بون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا دەیانەوێت چاکسازی بکەن لەلایەکی تریشەوە خەون بەداگیرکردنی کوردستانی باشوورەوە دەبینن بەڵام ئەم سیاسەتەیان گۆشەگیری کردوون ناتوانن هەنگاو بەهیچ لایەکیان دا بنێن ئەو دەمەی کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان بڕیاری رووخاندنی رژێمەکەی صدامیان دا ئەو وولاتانەی کە دراوسێی عێراقن و کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە لەرزیان لێهاتوو کەوتنە پاڕانەوە و هاوار بۆ رژێمی عێراق و لەهەوڵی ئەوەدا بوون بۆ بەرگرتن لە رووخاندنی صدام حسێن تورکیا کە هاوپەیمانی ئەمریکا بوو وەخۆی بە دۆستێکی ئەمریکا دەزانی لەو جەنگەدا نەك هەر هاوکاری ئەمریکای نەکرد بەڵکو دژایەتی سیاسەتی ئەمریکاشی کرد وەرێگەی لە هێزەکانی ئەمریکا گرت کە خاکی تورکیا بەکاربهێنن لەو جەنگەدا ئەو سیاسەتەی تورکیاش لە بەرامبەر ئەمریکا باجەکەی بەخراپ کەوتەوە لەسەریان وە ئێستاش نرخەکەی دەدەن. پرۆسەی ئازادی کۆتایی پێهات و رژێمەکەی صدامیش رووخاو کوردیش لەنێو ئەو پرۆسە گرنگ و هەستیارەدا توانی بەشێوەیەکی سیاسی مامەڵە بکاو لەعێراقی دووای صدام دەسکەوتەکانی زیاتر بێت.
تورکیای کەمالیش کوردواتەنی دەستی لەبنی هەمانەکەوە دەرچوو لە دەرەنجامی ئەو هەڵە گەورەیەی کە هاوپەیمانی ئەمریکای نەکرد لەو جەنگەدا بەڵام تورکیا بەبیانوی تورکمانەکان ئەمجارەیان خۆی هەڵقورتاندەوە و کە دەڵێن مافی تورکمانەکان پێشێل کراوە لە عێراق هەموو دنیا ئەو راستیە باش دەزانن کە لەسەردەمی

رژێمەکەی صدام دا تورکمانەکان لەژێر چ چەوسانوەیەکدا بوون بەڵام تورکیا لێی بێدەنگ بوو هاواری ئێستای تورك بۆ توکمانەکان نیە هێندەی دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە دژایەتی مافەکانی کورد بکاو بەخەیاڵی خۆی دەتوانێت دەسکەوتەکانی کورد لەناو ببات تورکیا لەڕێگەی بەرەی تورکمانییەوە دەمێکە هاوار دەکات کە تورکمانەکانی عێراق چەند ملیۆنن و کەرکوك شارێکی تورکمانیە و کورد دەیەوێت مافی تورکمانەکان زەوت بکات.

خۆشبەختانەش پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە عێراق توانی ئەو ڕاستیە دەربخات کە سەرەڕای ئەوەی کورد لە کەرکوك غەدری لێکراوە و سیاسەتی تەعریب لە کەرکوك لە بەرامبەر کوردا بەکارهاتووە زۆرینەی دەنگەکانی ئەو شارە کورد بوون ئەو چەند ملیۆنەی کە بەرەو تورکیا هاواریان دەکرد بۆی فشە دەرچوو ئێستاش دووای ئەو دۆڕانە یەك لەدوایەکانەیان کەوتونەتە هەرەشەو هەڵبژاردنەکان بە دیموکراسی نازانن و رۆژانە سەرکردەکانیان لێدوان دژمان دەدەن و هەرەشەی بەکارهێنانی هێزمان لێدەکەن.

لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە کە ڕاگەیاندنە درۆزنەکانیان هاواری ئەوەیان لێهەستاوە کە ئیسرائیل دەیەوێت دەوڵەت بۆ کوردەکان دروست بکات ئەم پروپاگەندانەش کە تاکە ئامانج لێی ووروژاندنی عەرەبەکانە بۆئەوەی ئەوانیش راستەوخۆ پەلکێش بکەن بەڵام رەوتی ڕووداوەکان ئەوە دەردەخەن کە دەوڵەتی تورکیا لەنێو ئەم یارییەدا دۆڕاوە و دوا وەرەقەی دەستیان تورکمانەکان بوو خۆشبەختانە هەڵبژاردنەکانی ئەو وەرەقەیەشیان سووتاند دەستبەتاڵ لەنێو یارییەکەدا هەستان و هەرەشەکانیشیان بڕناکات و شەرمەزاریش بەشیان دەبێت.